

# گۆڤاری زانستیی هۆژین

# HOJIN

SCIENCE MAGAZINE

وەرزنامەی زانستیی هۆژین، ساڵی یەکەم، ژمارەی چوارەم، زستانی ١٣٩٦ ی هەتاوی،نرخ ٨٠٠٠ تمەن

Hojin Science Quarterly Magazine, Vol. 1, No. 4, March. 2018

هەڵەکانی دی.ئێن.ئێی و سازبوونی شێرپەنجە



ماددە ئامانجدارەکان؛ شۆڕشێک لە دنیای ماددەکاندا

من مرۆڤم یان ڤایرۆس؟

خانە هەتاوییەکان

فایلی تایبەت:

## بوومەلەرزە

بوومەلەرزە چییە و چۆن ڕوو دەدات؟

کام بینایانە خۆ ڕادەگرن؟ کام بینایانە دەڕووخێن؟



# فرۆشگەی لەپتاپی ئینتێل

**فرۆشگەی لەپتاپی ئینتێل بە دە ساڵ ئەزموونی درەوشاوە لە هاوردەکردنی هەموو جۆرەکانی لەپتاپی نوێ و ستۆکی ئەورووپیدا لە خزمەت کڕیارانی هێژادایە.**

## لەپتاپی نوێ

## لەپتاپی ستۆک

**پێشکەشکردن و فرۆشی هەموو چەشنە لەپتاپێکی کارکردە بە شێوەی پسپۆڕانە**

کڕیارانی بەڕێز دەتوانن لە ڕێگەی خوارەوە لەگەڵ فرۆشگەی لەپتاپی ئینتێل لە پەیوەندیدا بن:

ماڵپەڕی فرۆشگە: www.laptopintel.com

ئیمەیل: sanalaptop@yahoo.com

تێلێگرام: Telegram.me/laptopintel

ئێرە سکەن بکە تا
ببیتە ئەندامی کاناڵی
فەرمی لەبتابی ئینتێل

**ناونیشانی فرۆشگا:**

شاری تەجاری-گەشتیاریی بانە، شەقامی شوهەدا، پاساژی ئیبراهیمی، نهۆمی یەکەم، تەنیشت ڕاڕەوی سێیەم، لای چەپ، پلاکی ٢٣٧، فرۆشگای لەپتاپی ئینتێل

**پەیوەندی لەگەڵ ناوەندی سەرەکی: ٠٨٧٣٤٢٣٤٨٩٢**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٩١٨٩٧٤٤٤٥٦ عەلیدوست**

گۆڤـاری زانسـتیی
هۆژین HOJIN
SCIENCE MAGAZINE

وەرزنامەی زانستیی هۆژین
Hojin Science Quarterly Magazine
فصلنامه علمی هوژین

وەرزنامەی زانستیی هۆژین، ساڵی یەکەم، ژمارەی چوارەم، زستانی ١٣٩٦ی هەتاوی
فصلنامه علمی هوژین، سال اول، شماره چهارم، زمستان ١٣٩٦ شمسی
Hojin Science Quarterly Magazine, Vol. 1, No. 4, March. 2018





**بەرپرسی گشتی و خاوەن ئیمتیاز (مدیر مسئول و صاحب امتیاز):** فارووق ئەحمەدی
**سەرنووسەر(سردبیر):** محەممەد محەممەدئەمینی
**دەسـتەی نووسـەران (شـورای نویسـندگان):** فیزیـک: زۆرار ئەحمـەدی / کیمیـا و ئەندازیاریـی کیمیـا: فـارووق ئەحمـەدی / بیـرکاری: حوسـێن جەوهـەری / زیندەوەرناسـی: دیاکـۆ ئیبراهیمـی / پزیشـکی: سـەلاح قـادری / نژیاروانـی: هـادی سـلێمانی / ئەندازیاریـی کۆمپیووتـەر: محەممـەد محەممەدئەمینـی / ئەندازیاریـی مکانیـک: ئەمیـر پەرغـازە / ئەندازیاریـی کارەبـا: کامـران قـادری
**هەڵەگریی ڕێنووسی:** محەممەد محەممەدئەمینی، ئەمیر پەرغازە، سریوە کەریمی
**نووسـەرانی ئـەم ژمارەیـە:** دیاکـۆ ئیبراهیمـی، سـەلاح قـادری، ڕەحـمان بەنـوورە، نەسـیبە بارانـی، جەلالەددیـن (چیـا) فاتمـی، ئەرشـەد شـاموحەممەدی، حەسـەن بەلـەدە، حوسـێن حوسـێنی، ئەیـوب مەحـموودی، وریـا فەیـزی، فـارووق ئەحـمەدی، سـولەیمان مەعرووفـی، ئەمیـر پەرغـازە، ئـاوات محەممـەدی، هـادی وەیسـی، هاوڕێ حوسـێنی، محەممـەد محەممەدئەمینـی، مەهـدی سـەربازی، سـارا زینەتـی، کامـران قـادری
**ڕازاندنەوەی لاپەڕە و گرافیست:** ڕەزا سووری
**وێنەی ڕووبەرگ:** ناسر کەریمی
**چاودێری چاپ :** ئەیوب مەحموودی
**چاپ و لیتۆگرافی:** چاپ عارف (تبریز)
**چاودێری کاروباری ماڵی:** موحەممەد باستانی
**هاوڕێیان و پاڵپشتانی گۆڤاری هۆژین:**
فەرهـاد ڕەفیـق، نـاسر کەریمـی، عەلـی ئەسـەدی،گوڵاڵە نوورانـی، نورەدیـن نـەزەری، ئەدیـب کەریمپـوور، سووسـەن حەسـەنزادە، سـیروان سـاڵحزادە، دیاکـۆ ئیبراهیمـی، سـومەییە سـلێمانی، گوڵاڵـە مەجیـدزادە، ماریـا بارانـی، هەژیـر فاتمـی، قوتابخانەکانـی بانـە، ئیتحادیـەی خـەرازان (بانـە)، ڕێکخـراوەی نۆژیـن، ناوەنـدی توێژینەوەی دوکتۆر حسـابی (مهابـاد)، بنـکەی تاوێـن لـە زانـکۆی کوردسـتان، گـشت کتێبفرۆشـی و ناوەندەکانـی بڵاوکردنـەوەی هۆژیـن.

**تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە
**نرخ:** ٨٠٠٠ تمەن
**بەرپرسی بڵاوکردنەوە و فرۆش:** ماریا بارانی +٩٨ ٩١٨ ٠٥٤ ٤٧٢٤
**بەرپرسی بانگەشە و تەبلیغات:** ئەیوب مەحموودی +٩٨ ٩١٩ ٩٨٦ ٤٩٣٥
**ناونیشانی دەفتەری گۆڤار:** ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، مەهاباد
**ئیمەیل:** govar@hojan.org
**داخـوازی نـووسراوە:** داوا لـە هەمـوو توێـژەران، خوێندکاران و مامۆسـتایانی زانکـۆ دەکەیـن، وتارەکانیان لـە ڕێگـەی ناونیشـانی editor@hojan.org بـەرێ بکـەن بۆمان.
**ژمارە حیسابی گۆڤار بۆ وەرگرتنی ئابوونە و یارمەتی:**
٠١١٠٨١٧٧٢٩٠٠٨(بانکی میللی) بە ناوی فارووق ئەحمەدی
**ژمارەی کارت:** ٦٠٣٧٧٩٩٧٢٥١٧١٧٤٩٣

WWW.HOJAN.ORG

# پێڕست


٦ وتەی سەرنووسەر

## پزیشکی و زیندەوەرناسی

٨ هەڵەکانی دی.ئێن.ئێی و سازبوونی شێرپەنجە
د. دیاکۆ ئیبراهیمی

٢٢ ئایا دەکرێت مێشک لە مردن ڕزگار بکەین؟!
سەلاح قادری

٣١ من مرۆڤم یان ڤایرۆس ؟
د. دیاکۆ ئیبراهیمی

٣٢ دیابێت یان شەکرە، یەکێک لە نەخۆشییە باوەکانی دونیای مۆدێرن
ڕەحمان بەنوورە

٣٨ کاریگەرییەکانی پێڵاوی پاژنەبەرز لەسەر لەش
نەسیبە بارانی

## فایلی تایبەت

### بوومەلەرزە

٤٠ بوومەلەرزە چییە و چۆن ڕوو دەدات؟
ئەرشەد شاموحەمەدی

٥٠ بوومەلەرزەکان و بیناکان
جەلالەددین (چیا) فاتمی

## زانستی بنەمایی

٥٦ بلقی دەستکرد
حەسەن بەلەدە

٥٨ باڵندە خێوەکییەکان و سەرچاوەی ژیان
حوسێن حوسێنی

٦٣ نزیکی و دژانبەری
ئەیوب مەحموودی












## زانستی بنەمایی


٦٤ **لە گەرمەوە بۆ گەرمتر**
د. وریا فەیزی

٦٦ **هەویرە ددانی فیل**
فارووق ئەحمەدی

٧٠ **شەپۆلەکانی کێشکردن بەڵگەن بۆ هەڵاوسانی گەردوون**
سولەیمان مەعرووفی






## ئەندازیاری


٧٢ **ماددە ئامانجدارەکان؛ شۆڕشێک لە دنیای ماددەکاندا**
د. ئەمیر پەرغازە

٧٧ **خانە هەتاوییەکان**
ئاوات محەممەدی

٨٢ **ژیرا: یەکەم سیستمی تایپی ئاخاوتنی کوردی**
د. هادی وەیسی، محەممەد محەممەدئەمینی، هاوڕێ حوسێنی

٨٩ **چیت، یەکەم هارد درایڤی یەک بیتیی کیمیایی جیهان**
فارووق ئەحمەدی

٩٠ **گەشتێک بەرەو شوێنە شاراوەکانی دنیای وێب**
مەهدی سەربازی

٩٢ **مۆزەخانەی نیشتمانیی کوردستان**
سارا زینەتی




## لە هەر زانستێک چەمکێک


٩٤ مکانیک:
**داهاتن، لەکارکەوتن، شکان**

٩٥ کارەبا:
**لایدار**

٩٦ پزیشکی:
**فریاکەوتنی سەرەتایی**





٩٧ **دەنگی خوێنەر**

# لەم ژمارەیەدا...



سەرنووسەر
محەممەد محەممەد ئەمینی
editor@hojan.org

یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان لە سەرەتای زۆربەی توێژینەوە کردارییەکاندا بواری کەڵک و بەکارهێنانی ئەو توێژینەوەیە. بۆیە زۆر ئاساییە کە خوێنەرانی هۆژین ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەمان بکەنەوە کە خوێندنەوەی ئەم گۆڤارە چ قازانج و کەڵکێک بە خوێنەر دەگەیەنێت؟! ئەم ژمارەی هۆژین کۆمەڵێک وتار لە خۆ دەگرێت کە زۆربەیان ڕاستەوخۆ پرسەکانی ژیانی ڕۆژانەمان دەخەنە بەر باس و وەڵامدەری پرسیارەکانی چینێکی تایبەت یان سەرجەم کۆمەڵگان.




سەرەتا و لە دەستپێکی بەشی زیندەوەرناسی و پزیشکیدا وتارێکی تێروتەسەل لەسەر «هەڵەکانی ناو دی.ئێن.ئەی و سازبوونی شێرپەنجە» دەخوێننەوە. گرینگیی ئەم وتارە باسکردنی چۆنیەتیی سازبوونی شێرپەنجە لە ئاستی زیندەوەرناسیدایە و بنەمای تیۆرێکی سازبوونی زۆربەی شێرپەنجەکان خراوەتە بەر باس. لە درێژەی ئەم بەشەدا لەسەر دوو نەخۆشیی باو دەخوێنینەوە کە ئەوانیش بریتین لە «جەڵتەی مێشک» و «شەکرە یان دیابێت».



کارەساتی هەژێنەری بوومەلەرزەی کوردستان هانی داین بۆ ئەوەی کە لە ڕوانگەی زانستییەوە لەسەر بوومەلەرزە و ڕەهەندە پەیوەندیدارەکانی بنووسین. فایلی تایبەتی ئەم ژمارەمان تەرخان کراوە بۆ بوومەلەرزە. هۆکارەکانی ڕوودانی بوومەلەرزە، پێوانی بوومەلەرزە، پێشبینیی بوومەلەرزە، کاریگەریی بوومەلەرزە بەپێی جۆری زەوی، بوومەلەرزە و بیناسازی ئەو بابەتانەن کە لەم بەشەدا باس کراون. بەو پێیەی کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە کوردستان لە مەترسیی بوومەلەرزەدایە هیوا دەخوازین کە ئەم هەوڵە بچووکەی ئێمە بۆ توێژینەوە و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان درێژەی هەبێت و پێشوازی لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی پەیوەندیدار بەم بوارە دەکەین.

لە بەشی زانستدا کۆمەڵێک دیاردە باس دەکرێن کە بابەتی توێژینەوەی زانستی فیزیکن. سازبوونی بڵقێکی دەستکرد لە دەوری زەوی، تایبەتمەندیی کوانتۆمیی باڵندەی ڕۆبینی ئەورووپی بۆ ناسینەوەی ڕێگە، پلەکانی گەرمی لە چینەکانی ئەتمۆسفێری خۆر و شەپۆلەکانی کێشکردن ئەو بابەتانەن کە لەم بەشەدا هاتوون.

بەشی ئەندازیاری بە وتاری «مادده ئامانجدارەکان» دەست پێدەکات، ئەو ماددەی کە بەپێی دۆخ، تایبەتمەندییان دەگۆڕێت بۆ تایبەتمەندیی گونجاو بۆ ئەو دۆخە. «خانە هەتاوییەکان» ناونیشانی بابەتێکی ترە کە باس لە چۆنیەتیی کارکردنی خانە هەتاوییەکان دەکات. لە درێژەی بەشی ئەندازیاریدا وتارێک بە ناوی «ژیرا: یەکەم سیستمی تایپی ئاخاوتنی کوردی» دەخوێننەوە کە کۆتا بەشی زنجیرەی ناسینەوەی ئاخاوتنی کوردییە و یەکەم سیستمی تایپی ئاخاوتنی کوردی کە لەسەر دەستی ئەندازیارانی کورد بەرهەم هاتووە لەو وتارەدا ناسێنراوە. ئێوەی خوێنەریش ئەگەر داهێنانێکی زانستی، توێژینەوە یان بەرهەمێکی پیشەسازیی سەرنجڕاکێشتان هەیە، هۆژین دەلاقەیەکە بۆ ناساندنی داهێنانەکانتان. کورتە باسێک لەسەر «وێبی تاریک» و پلانی سازکردنی «مۆزەخانەی نیشتمانیی کوردستان» بابەتەکانی تری بەشی ئەندازیاری پێکدەهێنن.





خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری زانستیی هۆژین، گۆڤارەکەمان بە هەوڵی بەڕێوەبەران و ئەندامانی «ڕێکخراوەی زانستیی فەرهەنگیی هۆژان» بەبێ وەستان ساڵی یەکەمی خۆی تێپەڕ کرد و بەرەو ساڵی دووهەمی هەنگاو دەنێت. بەو هیوایەوە بەرەو بەهاری ساڵی دووهەم دەڕۆین کە بەهاری هۆژینیش بێت و لە بەجێهێنانی ئەرکەکانمان کە بڵاوکردنەوەی زانست و پەرەی زمانی زانستیی کوردییە پەرەسەندووتر و پێگەیشتووتر هەنگاو بنێین.



**سپاسی نووسەران، ڕازێنەر و بەڕێوەبەران دەکەین کە ئەوپەڕی هەوڵیان داوە تاوەکوو بەرهەمێکی جێگەی ڕەزامەندیی ئێوەی خۆشەویست پێشکەش بکەین.**



**دیاکۆ ئێبراهیمی**
پرۆفیسۆری یاریدەدەر، زانکۆی مینێسوتا، ئەمریکا

**Diako Ebrahimi**
Assistant Professor Genetics,
University of Minnesota
diako@umn.edu

# هەڵەکانی دی.ئێن.ئێی و سازبوونی شێرپەنجە

## ١- خانە و دەستوورە جێنێتیکییەکانی

جەستەی مرۆڤ پتر لە ٣٧ تریلیۆن خانە[١] بە تیرە[٢]ی ناوەندیی ٢٥ مایکرۆمەتر لە خۆ دەگرێت. خانەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەستوورەوە ئەرکەکانیان بەجێ دەهێنن. ئەو دەستوورانە بە زمانی جێنێتیکی کە لە چوار پیت پێکهاتووە، نووسراون و خراونەتە ناوەکی خانەکانەوە بۆ ئەوەی بە باشی بپارێزرێن. پیتەکان بریتین لە چوار پێکهاتەی کیمیایی[٣] ئادێنین (A)، گۆوانین(G)، سایتۆزین(C)و تیمین (T)کە بە ئەسیدە ناوەکی[٤] دەناسرێن. ئەسیدە ناوەکییەکان، واتە پیتەکان، لە ڕێگەی پەیوەندیی کیمیاییەوە پێکەوە دەبەسترێن و دەبنە زنجیرە دەستووری جێنێتیکی (دی.ئێن.ئێی)، واتە وشە. دی.ئێن.ئێی لە دوو زنجیر کە لە ڕێگەی پەیوەندیی هایدرۆجێنیی نێوان ئادێنین و تیمین و هەروەها نێوان سایتۆزین و گۆوانین کە بە شێوازی پێچاوپێچ لە دەوری یەک ئاڵاون پێکهاتووە (وێنەی ١-١).

١- Cell سلول
٢- Diameter قطر
٣- Chemical compound ترکیب شیمیایی
٤- Nucleic acid نوکلئیک اسید

# ئایا دەکرێت مێشک لە مردن ڕزگار بکەین؟!



**سەلاح قادری**
خوێندکاری پزیشکی، زانکۆی زانستە پزشکییەکانی تەورێز، تەورێز، ئێران

**Salah Ghaderi**
Medical Student, Tabriz University of Medical Sciences, Tabriz, Iran.
info@salahghaderi.com

## پێشەکی

ڕووداوەکانی بۆرییە خوێنبەرەکانی مێشک[1] دەستەواژەیەکی پزیشکییە کە بۆ جەڵتەی مێشک بە کار دێت.
لە زمانی کوردیشدا «شەپڵە» هەر ئەو واتایە دەدات و دەستەواژەی «جەڵتەی دەماغی»ش واتایەکی دیکەیەتی.
جەڵتەی مێشک کاتێک ڕوو دەدات کە گەیشتنی خوێن بە بەشێک لە مێشک لە ڕێگەی خوێنبەرەکانییەوە بە هەر هۆکارێک ڕادەگیرێت.

## گشتگیرناسی[2]

جەڵتەی مێشک بە گشتی نەخۆشییەکی تایبەت بە کەسانی بەساڵاچووە، بەڵام ڕەنگە لە کەسانی زۆر لاویشدا هەندێک جار ڕوو بدات و ئەگەر لە تەمەنی لاویدا بێت ڕەنگە بە هۆی نەخۆشییەکی جینی یان زگماکی لە مەیینی خوێن[3]، خوێنبەرەکان یان ئەندامەکانی تردا بێت.
بە هۆی ئەوەی کە زانیاریی ورد لەسەر بەربڵاوی و گشتگیریی جەڵتەی مێشک لە کوردستاندا لەبەر دەستماندا نییە، ئێمە لە بواری بەربڵاویی نەخۆشییەکە و ڕێژەی خەساری بۆ کۆمەڵگا، وڵاتی ئێران وەکوو ناوچەیەکی هاوکەشی کوردستان دەخەینە بەرباس.
بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوەی تەندروستیی جیهانی[4]، جەڵتەی مێشک پاش جەڵتەی دڵ[5]، دووەم هۆکاری سەرەکیی گیان لەدەستدانی خەڵکی ئێرانە.

١- Cerebrovascular accidentحوادث عروق مغزی
٢- Epidemiologyاپیدمیولوژی
٣- Coagulopathyاختلال انعقادی خون
٤- World Health Organization (WHO)
٥- Myocardial Infarction سکته قلبی

# دیابێت یان شەکرە یەکێک لە نەخۆشییە باوەکانی دنیای مۆدێرن



**ڕەحمان بەنوورە**
خوێندکاری پزیشکی،
زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی ورمێ، ورمێ، ئێران

**Rahman Banoureh**
Medical student at UMSU, Urmia
University of Medical Sciences, Urmia, Iran
RahmanBanoureh@gmail.com

هەندێک کێشە هەیە کە بۆ زۆر کەس ڕوو دەدات و بە گشتی لەناو کۆمەڵگادا باوە. بە دڵنیاییەوە بۆ زۆربەمان هاتووەتە پێش کاتێک لەگەڵ میوان یا هاوڕێیەکمان دادەنیشین و باس لە لەشساغی دەکرێت، یەکێک لە کێشەکانی کە ئاماژەی پێدەدرێت بەرزبوونی ئاستی شەکری خوێنە، جا بە تایبەتی ئەگەر کەسەکە بەساڵاچوو بێت. لە ڕاستیدا ئەوە کێشەیەکی جیهانییە و لە گشت وڵاتانی دونیادا بووەتە هۆی مەترسییەکی زۆر گەورە. گشتگیریی ئەو نەخۆشییە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر گۆڕانی شێوەی ژیان، لە ژیانێکی پڕ جموجۆڵ و چالاک بۆ ژیانێکی مۆدێرنی ڕاوەستاو، جگە لەمە کێشەی جینێتیکیش دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت. لە درێژەی بابەتەکەدا باس لە هەموو هۆکارەکان دەکرێت. تەوەری باسەکەی ئێمە شەکر، یان ئەگەر لە ڕوانگەی زانستییەوە وردتر بڕوانین، گلۆکۆزە . گلۆکۆز چییە و چ ڕۆڵێکی لە لەشدا هەیە؟ زۆربوونی ئاستی گلۆکۆز لە خوێندا چ دەرئەنجامێکی نەرێنی دەتوانێت هەبێت؟ بەرزبوونەوەی ڕێژەی گلۆکۆز لە خوێندا، کە پێی دەوترێت دیابێت یا شەکرە، چ پێناسەیەکی هەیە؟ هۆکانی دەتوانێت چی بێت؟ نیشانەکانی چۆن خۆ دەردەخەن؟ ڕێگەچارە و ڕێگەی پێشگرتنی هەیە؟ ئەگەر هەیە چین؟ لەگەڵمان بن تا کۆتایی، وەڵامی پرسیارەکان دەردەکەون.

# بوومەلەرزە
## چییە و چۆن ڕوو دەدات؟



**ئەرشەد شاموحەمەدی**
خوێندکاری ماستەری ئەندازیاری بوومەلەرزە،
زانکۆی کوردستان، سنە.

**Arshad Shamohammadi**
MSc.Student In Earthquake Engineering,
University of Kurdistan, Sanandaj.
shamohammadi_arshad@yahoo.com



وێنە: عەلی ئەسەدی

## پوختە:

کۆمەڵگای مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراوەکە زەوی خۆگرتوو و پتەوە، بەڵام بوومەلەرزە لە درێژەی مێژوودا بەردەوام کاریگەری لەسەر مرۆڤ بووە و بووەتە هۆی زۆر تراژیدیای دڵتەزێن و ئەو باوەڕەی گۆڕیوە کە زەوی بە بنەمایەکی هێمن و خۆگرتوو دەزانێت. لە سەردەمی زۆر کۆنەوە، مرۆڤ بە دوای هۆکارەکانی ڕوودانی بوومەلەرزەدا گەڕاوە. بوومەلەرزە، ئازادبوونی لەپڕی وزەی پاشکەوتەیە لە توێکڵی زەویدا کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی شەپۆلی بوومەلەرزەیی. بەپێی زانستی ئەمڕۆ بوومەلەرزە ڕووداوێکی سروشتییە وەکوو بەفر و باران کە مرۆڤ دەبێت بە پتەوکردنی بیناکان، خۆی لێ بپارێزێت. لەم وتارەدا باسی هۆکارە زانستییەکانی ڕوودانی بوومەلەرزە، پێوانی بوومەلەرزە، پێشبینی و پێشنیشانەکانی بوومەلەرزە و کاریگەریی جۆری زەوی لەسەر خەساری بوومەلەرزە دەکرێت.

**وشەگەلی سەرەکی:** بوومەلەرزە، پێوانی بوومەلەرزە، شەپۆلی بوومەلەرزەیی، پێشبینی، جۆری زەوی، سەرپێڵ زەهاو.

## پێشەکی

بوومەلەرزە چییە و چۆن ڕوو دەدات؟ بوومەلەرزە، ئازادبوونی لەپڕی وزەی پاشکەوتەیە لە توێکڵی زەویدا کە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی شەپۆلی بوومەلەرزەیی[1]. زۆربەی بوومەلەرزەکان لە قووڵایی چەند کیلۆمەتردا ڕوو دەدەن. ئەم ڕووداوە ئەگەر لە زەریادا[2] بقەومێت دەبێتە هۆی دروستبوونی سوونامی[3]. بەو شوێنەی وا بوومەلەرزەکە دەست پێدەکات و وزەی زەوی ئازاد دەبێت «چەقی بوومەلەرزە[4]» دەڵێن. بە سێبەری چەقی بوومەلەرزە لە ڕووی زەویدا «ناوەندی بوومەلەرزە[5]» دەوترێت [١]. لە وێنەی ١دا چەقی بوومەلەرزە و ناوەندی بوومەلەرزە دەبینن [٩]. لە سەردەمی زۆر کۆنەوە مرۆڤ بە دوای هۆکارەکانی ڕوودانی بوومەلەرزەدا گەڕاوە. زۆر جار وەڵامێکی زانستی بۆ نەدۆزیوەتەوە و بە شوێن هۆکارگەلێکدا گەڕاوە کە پەیوەندییان بە سروشت و زانستەوە نەبووە، بۆ نموونە زۆر جار بوومەلەرزەیان بە نیشانەی ڕقی خودا لە مرۆڤ داناوە و وەکوو غەزەبی خودا چاویان لێ کردووە [٤]. بەپێی زانستی ئەمڕۆ بوومەلەرزە ڕووداوێکی سروشتییە وەک بەفر و باران کە مرۆڤ دەبێت بە پتەوکردنی بیناکان، خۆی لێ بپارێزێت.




وێنەی ١. چەقی بوومەلەرزە، ناوەندی بوومەلەرزە

١- Seismic wave موج لرزەای
٢- Ocean اقیانوس
٣- Tsunami سونامی
٤- Hypocenter کانون
٥- Epicenter رومرکز

# بوومەلەرزەکان و بیناکان

## کام بینایانە خۆ ڕادەگرن؟ کام بینایانە دەڕووخێن؟



**جەلالەددین (چیا) فاتمی**
ماستەری ئەندازیاریی بیناسازی، زانکۆی تەکنیکیی ڤیرجینیا، ئەندازیاری ژئۆتەکنیک لە کۆمپانیای ئێس.ئێم.ئی، کلێڤلاند، ویلایەتی ئۆهایۆ، ئەمریکا

**Jalaleddin (Chiya) Fatemi**
M.Sc. in Civil Engineering, Virginia Tech
Geotechnical Engineer in SME, Cleveland, Ohio, USA Email: fatemi.jalaleddin@gmail.com

**پوختە:**

هۆکاری سەرەکیی بوومەلەرزەکان شکانی شکانگەکان لەناو زەویدایە. زیانی بوومەلەرزەکان پەیوەندی بە هێز و ماوەی لەرینی زەوی، جۆری زەویی ژێر بیناکان، جۆری بیناکان، و فریکوێنسیی زرنگانەوەی بوومەلەرزە هەیە. بینا نزمەکان زۆرتر دەچنە ژێر کاریگەریی شەپۆلگەلێک بە فریکوێنسیی زۆرەوە، لەکاتێکدا بینا بەرزەکان و باڵاخانەکان زۆرتر دەچنە ژێر کاریگەریی شەپۆلە کەم فریکوێنسییەکان. ئەگەر فریکوێنسیی لەرینەوەی زەوی نزیک لە فریکوێنسیی سروشتیی بیناکە بێت، زرنگانەوە دەتوانێت ڕوو بدات کە دەبێتە هۆی زیانێکی زۆر بە بیناکە. مەرج نییە بیناکە بەرز بێت تا لە کاتی بوومەلەرزەدا زیانی بەرکەوێت، لە بوومەلەرزەکەی ساڵی ١٩٨٥ی مێکزیکۆسیتیدا بینا مامناوەندەکان ڕووخان لەکاتێکدا بینا بەرزەکان و نزمەکان خۆیان ڕاگرت.

**وشە سەرەکییەکان:**
بوومەلەرزە، لەرینی زەوی، بیناکان، ڕێنماییە بیناسازییەکان، زرنگانەوە



وێنە: (Photo: Paul Yang, AFP)

# بڵقی دەستکرد[١]

## مرۆڤــەکان بڵقێکــی پارێزەریــان لــە دەوری زەویــدا دروســت کردووە،تەنانــەت ئەگــەر بــە مەبەســت نەبووبێــت!

پشـکێنەرە فەزاییەکانی[٢] ناسـا بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڵقێکـی گەورەیـان بـە دەوری زەوییـەوە دۆزیوەتـەوە کـە کاریگـەری دەخاتـە سـەر کەشـی فـەزا و تەنانـەت دەرەوەی هەسـارەکەمان. ئـەم بڵقـە ئەگـەر نەخوازراویـش بووبێـت، دەستکردی مرۆڤە. ئەم بەربەسـتەی کـە وەکـوو بڵقە، زەوی لـە بەرانبـەر ڕووداوە مەترسیدارە فەزاییەکان وەکوو بڵێسـەی خـۆر[٣] و دەرهاویشـتەکانی دیکـەی خـۆر دەپارێزێـت.

ئـەم بڵقـە، دەرەنجامـی نەخـوازراوی کەڵکوەرگرتنـی مـرۆڤ لـە تەکنۆلۆژییـە. ئەنجامـی جۆرێکـی تایبـەت لـە بەریەککەوتنی/بڕینـی پێوەندیگەلـی ڕادیۆیـی[٤] لەگـەڵ تەنۆلکەکانـی تیشـکی پـڕ-وزە[٥] لـە فەزادایـە. بەتایبـەت، سـیگناڵە ڕادیۆییـەکان بـە فریکوێنسـیی زۆر نـزم (VLF) لەنێـوان ٣ تـا ٣٠ کیلۆهێرتـزدا) وەکـوو هـۆکاری کارتێکـەر لەسـەر چۆنیەتـی و ڕێـڕەوی ئـەم تەنۆلکانـە لـە نزیـک گـۆی زەویدا نـاسراون.

یەکێـک لـە باوتریـن کارکردەکانـی سـیگناڵگەلی VLF دروسـتکردنی پەیوەنـدی لـە نێـوان وێستگەکانی ژێـر دەریـا و سـەر زەوییـە. لەکۆتاییدا ئـەم سـیگناڵانە دەچنـە نێـو فـەزا و بڵقێکـی VLF لـە دەوری هەسـارەکەدا پێکدەهێنـن کـە تەنانـەت لـە لایـەن هەندێـک لـەو کەشـتییە فەزاییانـەش وا دەسـووڕێنەوە، دەبینرێـن.

لـە سـاڵی ٢٠١٢دا، پشـکێنەری ڤـەن ئاڵنـی ناسـا بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لەسـەر پشـتوێنگەلی تیشـکی[٦] ڤـەن ئاڵنـی هەسارەکەمان، بـۆ فـەزا بـەرێ کـران. دوو پشـتوێنی پـڕ لـە تەنۆلکـەی بارکـراو کـە لەژێـر کۆنترۆڵـی مەیدانـی موگناتیسـیی زەویـدان. مـەودای پشـتوێنی نـاوەوە لـە ٤٠٠ تـا ٦٠٠٠ مایلـی سـەرووی زەوییـە؛ لەکاتێکـدا کـە مـەودای پشـتوێنی دەرەکـی لـە ٨٠٠٠ تـا ٣٦٠٠٠ مایلـە.

١- Human-Made Bubble حباب مصنوعی
٢- Spase Probe کاوشگر فضایی
٣- Solar Flare شراره خورشیدی
٤- Radio Communications Intersecting برخورد ارتباطات رادیویی
٥- High-Energy Radiation Particles ذرات انرژی پرانرژی
٦- Radiation Belts کمربندهای تشعشعی




حەسەن بەلەدە
کارناسیی ئەندازیاریی کارەبا، زانکۆی ئینقلابی ئیسلامی، تاران، ئێران

**Hasan Baladeh,**
B.sc of Electrical Engineering, Enghelab-e Eslami Technical College , Tehran, Iran.
hesenbelede15@gmail.com


ئـەم وێنەیـە پشـکێنەرگەلی دووانـەی ڤـەن ئاڵنـی ناسـا (هـەر ئـەو پشـکێنەرانەی پشـتوێنی باهـۆزی تیشـکیی[٧] پێشـوو) لـە مەدارێکـدا لەنـاو بـواری موگناتیسـیی زەوی بـۆ توێژینـەوە لەسـەر پشـتوێنەکانی تیشـکی پیشـان دەدات.

٧- Radiation Storm Belts Probes کاوشگرهای کمربند طوفان تشعشعی







لە خێرایی نزیکی ٢٠٠٠ مایل لە سەعاتێکدا (٣٢٠٠ کیلۆمەتر لە سەعات)، ئەم پشکێنەرانە پشتوێنەکانیان پشکنیوە و هەندێک ڕووداوی سەیریان دۆزیوەتەوە کە بەپێی ڕوونکردنەوەکانی ناسا، «مەودای بلّقی دەرەکیی VLF بە تەواوەتی دەکەوێتە سەر لێواری ناوەوەی پشتوێنگەلی تیشکیی ڤەن ئالّن».
ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە زانایان پێشنیاری ئەوە بکەن کە شەپۆلەکانی VLF دەبنە هۆی دوورڕاگرتنی تەنۆلکە تیشکییەکان. لە ڕاستیدا، پێدەچێت کە لە ڕابردوودا لێواری ناوەوەی پشتوێنەکە زۆر لە زەوی نزیکتر بووبێت بەلّام بە شێوەی بەردەوام گوشاری خراوەتە سەر و دوور بووەتەوە.
فیل ئێریکسۆن لە بینینگەی[8] هایستاکی زانستگای MITیەوە گوتی: «هەندێک لە تاقیکردنەوەکان و توێژینەوەکان پیشانیان داوە کە لە ڕاستیدا لە بارودۆخی گونجاودا، سیگناڵە ڕادیۆییەکانی مەودای فریکوێنسیی VLF، دەتوانن تایبەتمەندییەکانی تیشکگەلی پڕ-وزە لە دەوروبەری زەویدا بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە.»
خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئێمە جگە لەوەی کە لەسەر ژیانی خۆمان و ئەوەی کە لە هەسارەی زەویدا ڕوو دەدات کاریگەریمان داناوە، مەودای کاریگەرییەکانمان گەیشتووەتە فەزاش. سەرەڕای ئەمە، زانایان هیوادارن ڕێگەیەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە فریکوێنسییەکانی VLF بدۆزنەوە بۆ لابردنی «تیشکدانی زیادە»ی دەوروبەری ئەتمۆسفێری زەوی، کە لە هەلومەرجی مەترسیداری کەشیدا دەقەومێت و بە هۆی دەرهاویشتەکانی خۆرەوەیە[9].

**سەرچاوە:**

http://bigthink.com/paul-ratner/space-probes-detect-a-surprising-human-made-bubble-protecting-earth

٨- Observatory رصدخانه
٩- eruptions on the sun فوران‌های خورشید

# نزیکی[١] و دژانبەری[٢]



ئەیوب مەحموودی
ayub.mahmoudi@gmail.com



وێنەی ١. نزیکیی مانگ و گەلاوێژ (لای چەپ) و مشتەری(خوارەوە) وێنەی گیراو لە سائۆپائۆلۆی برازیل لە یەکی دێسەمبری ٢٠٠٨ی زایینی

**نزیکی** ڕووداوێکە کە دەتوانێت بۆ هەر کام لە هەسارەکان[٣] و مانگ[٤] ڕوو بدات. لەم ڕووداوەدا دوو تەنی ئاسمانی لە ڕوانگەی بینەری سەر زەوییەوە لە ئاسماندا لەپەنای یەکتردا دەبینرێن. بۆ نموونە دەکرێت مانگ و مشتەری[٥] لە ڕوانگەی بینەری سەر زەوییەوە بکەونە لای یەک. ئاگاداربوون لە کاتی ئەو ڕووداوانە دەتوانێت لە ناسینەوە و دەستنیشانکردنی هەسارەکە لە ئاسماندا یارمەتیدەر بێت. لە وێنەی ١دا مانگ و گەلاوێژ[٦] و مشتەری دەبینرێن.



وێنەی ٢. مەریخ لە کاتی دژانبەریدا

**دژانبەری** کاتێک ڕوو دەدات کە هەسارەیەک و زەوی و خۆر لەسەر یەک هێڵ ڕیز دەبن. لەم حاڵەتەدا ڕوویەکی ئەو هەسارە بە تەواوی دەبینرێت. هەر بەم بۆنەوە دەتوانین لەم کاتە بۆ بینینی جوانتری ئەو ڕووەی هەسارە کە ڕووی لە زەوییە لە ئامێری وەک تێلێسکۆپ کەڵک وەرگرین. بۆ ئەوەی کە دژانبەری ڕوو بدات دەبێت مەودای نێوان هەسارە و خۆر لە مەودای نێوان زەوی و خۆر زیاتر بێت، کەوایە بۆ گەلاوێژ و زاوە[٧] ڕوو نادات. وێنەی ٢ مەریخ[٨] لە کاتی دژانبەری لە ساڵی ٢٠١٦ی زایینیدا نیشان دەدات.

**سەرچاوە:**

H. Karttunen, P. Kröger, H. Oja, M. Poutanen, K. J. Donner (Eds.), Fundamental Astronomy, springer, 5th Edition, 2006, page 133

١- Conjunction مقارنه
٢- Opposition مقابله
٣- Planet سیاره
٤- Moon ماه
٥- Jupiter مشتری
٦- Venus زهره
٧- Mercury عطارد
٨- Mars مریخ

گۆڤاری زانستی هۆژین HOJIN SCIENCE MAGAZINE



# هەویرە ددانی فیل



**فارووق ئەحمەدی**
ماستەری ئەندازیاریی کیمیا، زانکۆی نوشیراونی بابول، بابول، ئێران

**Faruq Ahmadi**
MSc in Chemical Engineering, Babol Noshirvani University of Technology, Babol, Iran
ahmadi.farogh@gmail.com

**پوختە**

کیمیا زانستێکە کە هەر بەشێکی دنیایەکی گەورەیە و پێشکەوتنەکان و دۆزینەوە نوێیەکان لەو زانستەدا بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە دنیای دەوروبەرمان دەگۆڕن. هەروەها بەکەڵکوەرگرتن لەو زانستە بەشێکی زۆر لە کۆسپ و تەگەرەکانی ڕابردووی ژیانی مرۆڤ بنەبڕ کراون و ئاسان بوونەوە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە هۆی دواکەوتوویی ئامرازە فێرکارییەکان، وانەوتنەوە و تێگەیاندنی ئەو زانستە خوێندکاران ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی دەکاتەوە و بەشێکی زۆر لە خوێندکاران بە هۆی وشکبوون و نامۆیی بابەتەکان و نەبوونی دەرفەتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چەمکەکانی ئەو زانستە لەگەڵی نامۆن. ئێمە وەک گۆڤارێکی زانستی هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ناساندنی تاقیکاریی ئاسان و زانست-بنەما هەلێک بڕەخسێنین تاکوو پەیوەندییەکی باشتر و ڕاستەوخۆتر لەگەڵ چەمکەکانی ئەو زانستە بۆ خوێنەرانمان بەدی بهێنین. ئەو تاقیکارییانە بێمەترسین و خوێندکاران و مامۆستایان دەتوانن بە هەرزانترین و هێمنترین شێوازەکان ئەو تاقیکارییانە ئەنجام بدەن.



# ژیرا: یەکەم سیستمی تایپی ئاخاوتنی کوردی

## ناسینەوەی ئاخاوتنی کوردی (بەشی کۆتایی)




**د. هادی وەیسی**
ئەندامی دەستەی زانستی، کۆلێژی FNST، زانکۆی تاران، تاران، ئێران.
گرووپی توێژینەوە و پەرەدانی ئاسۆسافت

**Dr. Hadi Veisi**
Faculty Member, FNST, University of Tehran, Tehran, Iran. AsoSoft R&D Group Email: h.veisi@ut.ac.ir





**هاوڕێ حوسێنی**
خوێندکاری دوکتورای زانستی کۆمپیوتەر، زانکۆی ڕایرسۆن، تۆرنتۆ، کانادا
گرووپی توێژینەوە و پەرەدانی ئاسۆسافت

**Hawre Hosseini**
PHD Student In Computer Science Ryerson University, Toronto Canada
AsoSoft R&D Group Email: hawre@asosoft.com





**محەممەد محەممەدئەمینی**
ماستەری ئەندازیاریی ئایتی، زانکۆی تەربیەت مۆدەڕس، تاران، ئێران.
گرووپی توێژینەوە و پەرەدانی ئاسۆسافت

**Mohammad M. Amini**
Master of IT Engineering, Tarbiat Modares University, Tehran, Iran.
AsoSoft R&D Group Email: mohammad@asosoft.com



وردەکارییەکانی بواری ناسینەوەی ئاخاوتن و چۆنیەتیی پێکهێنانی ئەم سیستمانە لە ژمارەکانی پێشوودا باس کران، لەم ژمارەیەدا و لە درێژەی ئەم وتارەدا چۆنیەتیی سازکردنی ئەم سیستەمانە بۆ زمانی کوردی و ڕێگەیەکی ئەستەم کە توێژەران لە تیمی ئاسۆسافتدا بڕیویانە تاوەکوو ئەم خەونە بەدی بهێنن باس کراوە.



**وشە سەرەکییەکان:**
ئاسۆسافت، ژیرا، ناسینەوەی ئاخاوتن، کۆرپسی ئاخاوتن، کۆرپسی دەق


### پێشەکی

پێشتر و لە ژمارەی دووەمی گۆڤاری هۆژیندا مژدەی بەدیهاتنی تەکنۆلۆژییەکی سەردەمیانە و سەرنجڕاکێشمان بۆ زمانی کوردی پێدابوون. زمانەکەمان لەم سەدەیەدا هێندە گەشەی بە خۆیەوە بینیوە کە نە تەنیا خودی کوردان و نەتەوەکانی تریش لە زانکۆکان و میدیاکاندا کەڵک لەم زمانە وەردەگرن بەڵکوو ئیتر ماشینەکانیش گوێ بۆ کوردی دەگرن و لێی تێدەگەن. سیستەمەکانی ناسینەوەی ئاخاوتن بەو سیستەمە ژیرانە دەوترێت کە ئەو توانایە بە کۆمپیوتەرەکان دەدات کاتێک بە زمانێک قسە دەکەین بزانن چی دەڵێین و ئەو شتەی بە زمان دەربڕیوە دەیناسنەوە.



# گەشتێک بەرەو شوێنە شاراوەکانی دنیای وێب

## پێشەکی

لەم سەردەمەدا ئینتەرنێت دنیای گۆڕیوە و گۆڕانکاریی زۆری لە شێوازی ژیانماندا ساز کردووە. ڕەنگە زۆربەی ئەو گۆڕانکارییە لە ڕێگەی بەشێک لە وێبەوە بێت کە دەستمان پێی ڕادەگات بەڵام جگە لەو دنیایەی بە گەڕان لە مەکینەکانی پشکنیندا دەکەوێتە بەردەستمان هێشتا دنیایەکی بەرینتر لە وێبدا هەیە کە لەبەر دەستماندا نییە و نایبینین. زۆر کەس پێیان وایە بە گەڕان لە مەکینەیەکی پشکنیندا[1] وەک گووگڵ، لە سەرجەم بەشەکانی وێبدا گەڕاون و ئەگەر شتێک لەوێ دەست نەکەوێت بەو واتایەیە لە وێبدا بوونی نییە! بەڵام ئەمە ڕاست نییە و سەدان بەرانبەری ئەو زانیارییانەی لە گووگڵدا دەست دەکەون، زانیاریی دیکە لە وێبدا هەیە کە ڕێگە نادرێت بە مەکینەکانی پشکنین تاوەکوو نیشانی بدەن یان هێشتا نەیانتوانیوە ئەو زانیارییانە کۆ بکەنەوە. بەشی شاراوەی وێب بەشێکی گەورە لە جیهانی وێبە کە نەخشەڕێگاکەی نەکێشراوە و بەکارهێنەر دەبێت ڕێگەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. کەواتە کاتێک ئێوە خەریکن لە گووگڵدا دەگەڕێن تەنیا خەریکن لەناو بەشێک لە زانیارییە بەردەستەکانی ڕووبەردا دەگەڕێن.

## شێوازی کاری مەکینەی پشکنین

لە ڕاستیدا، مەکینەی پشکنین پێشتر بنکەدراوەی[2] خۆی ئامادە کردووە و بە کەڵکوەرگرتن لە چەندین نەرمامێری تایبەت، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا گەڕاوە و لاپەڕەکانی ماڵپەڕەکانی بە ئەلگۆریتمێکی[3] تایبەت پاشەکەوت[4] کردووە و ئێستا لەناو ئەو لاپەڕە پاشەکەوتکراوانەدا دەگەڕێت. گووگڵ و هیچ مەکینەیەکی پشکنینی تر ئەو توانایییەیان نییە کە هاوکات لەگەڵ هەر داواکارییەکی ئێوە لە ئینتەرنێتدا بگەڕێن و هەموو مەکینەکانی پشکنین لەناو بنکەدراوەکانی خۆیاندا دەگەڕێن نەک هەموو تۆڕی ئینتەرنێت [١].

١- Search Engine موتور جستوجو
٢- Database پایگاه داده، بانک اطلاعات
٣- Algorithm الگوریتم
٤- Save ذخیره



**مەهدی سەربازی،**
ماستەری ئەندازیاریی ئایتی، زانکۆی ئازادی ئیسلامی (لقی تاران جنووب)، تاران، ئێران.
**Mahdi Sarbazi,**
M.Sc. in IT Engineering, Islamic Azad University (South Tehran Branch), Tehran, Iran.
sarbazi.mahdi@gmail.com

## جیاوازیی وێبی ڕووبەر و وێبی قووڵ

وشەکانی وێبی قووڵ[5]، وێبی شاراوە[6] یان وێبی تاریک[7] ئاماژەیە بەو بەشە لە وێب کە مەکینەکانی پشکنین ناتوانن زانیارییەکانی کۆ بکەنەوە. دەتوانین بەم پێیە وێب بە دوو چینی جیاواز دابەش بکەین: چینی سەرەوە یان وێبی ڕووبەر[8] و چینی ژێرەوە یان وێبی قووڵ. وێبی ڕووبەر[9] ئەو بەشەیە کە لە ئەنجامی مەکینەکانی پشکنیندا دەدۆزرێتەوە و وێبی قووڵ چینێک لە وێبە کە لە مەکینەکانی پشکنین شاراوەیە [٢].

٥- Deep Web وب عمیق
٦- Invisible Web وب مخفی
٧- Dark Web وب تاریک
٨- Surface Web وب سطحی
٩- Private شخصی

# دەنگی خوێنەر



**خوێنەری خۆشەویست!**

سالێک بەسەر دەرچوونی گۆڤاری زانستیی هۆژیندا تێپەڕی. لەم یەک ساڵەدا ئەوپەڕی هەوڵمان داوە بەرهەمێکتان پێشکەش بکەین کە هەم لە باری زمانەوە بەرەو سادەنووسین بچین و هەم بابەتی بەکەڵک و سەرنجڕاکێش بگوازینەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بەردوام داوامان لە خوێنەران و ڕەخنەگران کردووە کە بە چاوی ڕەخنەوە کارەکەمان سەیر بکەن و لە پێشنیاری خوێنەرانمان زۆر سوودمەند بووین. وەکوو دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەوە هەوڵمان داوە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەران، نووسەران، خوێندکارانی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ دابنیشین و لە ڕاوێژەکانیان کەڵک وەربگرین. لە ماوەی ڕابردوودا و پاش دەرچوونی ژمارەی سێهەم، چەند کۆبوونەوەمان ڕێکخست کە لێرەدا ڕاپۆرتێکی کورت لەسەر ئەو کۆبوونەوانە دەخەینە ڕوو:

## کۆڕی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی گۆڤاری زانستیی هۆژین لە زانکۆی کوردستان

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەز لە زانکۆی کوردستان کۆڕی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆ گۆڤاری زانستیی هۆژین بەڕێوە چوو. ئەم کۆڕە لەلایەن بنکەی زانستیی تاوژینەوە ساز درابوو و مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی هۆژین تێیدا بەشدار بوون.

دوای بەخێرهاتن لە لایەن ئەدیب کەریمپوور بەرپرسی بنکەی تاوژین، بەڕێز د. نەجمەدین جەباری وتارێکی لەسەر پەخشان و زاراوەسازیی زانستیی زمانی کوردی پێشکەش کرد. د. جەباری وێڕای جەختکردن لەسەر پێویستیی گۆڤاری هۆژین و ئەو بۆشاییەی کە پڕی کردووەتەوە کۆمەڵێک سەرنجی زمانناسی لەسەر هۆژین دەربڕین. لە درێژەی کۆڕەکەدا زانای گەورەی کورد پڕۆفیسۆر عەبدووڵڵا سەلیمی باسێکیان لەسەر ئەوەی کە لە قۆناغی ئێستادا تا چ ڕادەیەک دەتوانین زمانی کوردی بە زانستی بکەین و ئاستەنگەکانی سەر ئەم ڕێگەیەی پێشکەش کرد.

پاشان مامۆستای هەڵکەوتوو پڕۆفیسۆر حەسەن بێورانی لە خاڵە بەرچاوەکانی هۆژین، پێگەی هۆژین لەناو کۆمەڵگا و هەروەها ئەزموونی خۆیان لەگەڵ زمانی زانستی لە وڵاتی ژاپۆندا دوان.

لە بەشی دووهەمی دانیشتنەکەدا محەممەد محەممەدئەمینی سەرنووسەری گۆڤاری هۆژین تایبەتمەندی، پێکهاتە و ئامانجەکانی هۆژین و سەرجەم پڕۆژەکانی تری ڕێکخراوەی هۆژانی خستنە بەر باس.

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا پەنێلێکی ڕەخنە و پرسیار و وەڵامی ئامادەبووان بە بەڕێوەبەرێتیی د. نەجمەدین جەباری و بەشداریی پ. سەلیمی، پ. بێورانی، د. بەختیار سەجادی، محەممەد محەممەدئەمینی و



گۆڤاری زانستیی هۆژین
HOJIN
SCIENCE MAGAZINE





فارووق ئەحمەدی بەڕێوە چوو کە کۆمەڵێک پرس و بابەتی جیددی لەسەر بە زانستی کردنی زمانی کوردی، پەیوەندیی نێوان ناوەندە زانستییەکانی کوردستان، تواناییەکانی زاراوەکانی زمانی کوردی و هەندێک پرسیاری تایبەت بە هۆژین شرۆڤە کران. ئەم کۆڕە بە پێشکەشکردنی ڕێزلێنانێک لەلایەن بەڕێوەبەرانی گۆڤاری هۆژین بە مامۆستایانی بەشداربوو و بنکەی تاوژین کۆتایی هات.

## کۆبوونەوە لەگەڵ نووسەران و چالاکانی فەرهەنگیی شارەکانی مەهاباد و شنۆ

لە دوو کۆبوونەوەی دیکەدا دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەمان لەگەڵ نووسەران و چالاکانی فەرهەنگیی شارەکانی مەهاباد و شنۆ لە دوو دانیشتنی چەند کاتژمێریدا بەوردی ڕێنووس، زمان، دیزاین و دارشتن و ناوەرۆکی گۆڤاری هۆژینیان خستە بەر باس و پرسیاری ئامادەبووان لەلایەن بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکەوە وەڵام درانەوە.

خوێنەری هێژا! ئێمە زۆرترین هەوڵمان ئەوە بووە کە جگە لە بەرهەمهێنانی گۆڤارەکە، ئەم بەرهەمە بگەیەنینە دەستی زۆربەی شەیدایانی لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، کوردستان، ورمێ و سلێمانی. ئێستا نۆرەی ئێوەیە ببنە بەشێکی چالاک لە هۆژین و گۆڤارەکە زیاتر بناسێنن یان ئەگەر لە ناوەندێکی فێرکاری و ئەکادمیک وەک قوتابخانە، ڕێکخراوەی مەدەنی، فێرگەی زمانی کوردی و زانکۆکاندا چالاکی دەکەن هۆژین بە بەردەنگەکانی بناسێنن.

بۆ پەیوەندی لەگەڵ هۆژین لەم ڕێگەیانە کەڵک وەربگرن:

ماڵپەڕ: hojan.org
ئیمەیل: govar@hojan.org
تێلێگرام: @hojingovar
ئینستاگرام: @hojinmag
فەیسبووک: fb.com/hojinmag




www.hojin.org
www.taaghche.ir

## هۆژین
## لە تاقچەدا بخوێنەوە

هۆژین لە نزیکترین کتێبفرۆشی بە ئێوە لەبەر دەستدایە،
نەرمامێری تاقچە دابگرە و هۆژین بخوێنەوە.

ئێرە سکەن بکە و تاقچە دابگرە

بۆ ios

بۆ Android

WWW.HOJAN.ORG

# گۆڤاری زانستیی هۆژین HOJIN

SCIENCE MAGAZINE



ڕێکخراوەی زانستی فەرهەنگیی هۆژان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست بە زمانی کوردی و پەرەدانی زمانی زانستیی کوردی کۆمەڵێک پڕۆژەی پێناسە کردووە و کاریان لەسەر دەکات. گۆڤاری زانستیی هۆژین یەکێک لە پڕۆژە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەیە.



پڕۆژەکانی تری هۆژان بریتین لە:

- پڕۆژەی ڤیدیۆی زانستی (هۆژبین)
- پڕۆژەی دەنگی زانستی (دەنگە زانست)
- وشەنامەی زانستیی سەرهێڵی هۆژان
- بڵاوکراوەی سەرهێڵی هۆژان
- فێرگەی سەرهێڵی هۆژان
- وێنەزانیاریی زانستی
- کاناڵی زانستی هۆژین لە تێلێگرام



t.me/hojingovar

www.hojan.org

